# کۆنستانتین کافافی

سەردار عەزیز

کافافی، سادە و خەمبارە. لە ڕێی ئەو دوو سەد کۆپلە شیعرانەوە کە لە تەمەنیا نووسی سەربووردەی ژیانێکمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە پڕە لە نهێنی ، لە تەنهایی. ژیان بۆ ئەو سەفەرێک بوو وەک لە شیعری ئیتیکا باسی لێوەئەکات، نابێ هەرگیز پەلەی لێبکەین. ئەو دەڵێ کە تۆ سەفەرئەکەی بۆ ئیتیکا بە هیوای ئەوە بە سەفەرێکی درێژبێت. کافافی وەک یونانیەک عەشق و شارەزای کەلتورەکەیەتی. ئەو هەرچەندە کۆپلە شیعرەکانی کورتن بەڵام لە یادەوەریماندا بۆ زەمەنێکی زۆر جێی خۆیان ئەکەنەوە. کافافی ئەمڕۆ بە یەکێک لە شاعیرە مەزنەکانی دەریای ناوەڕاست دائەنرێت. سەرەڕای ئەوە شیعرەکانی دڵتەنگن بەڵام پێما دەڵێت چۆن بڕۆینە ئەودیوو نەریتەکان و ڕۆحمان بەهێزکەین. لە شیعری تۆکمەکردنی ڕۆحدا ئەڵێت؛ ئەوەی دەیەوێ ڕۆحی تۆکمەکات، دەبێ بڕواتە ئەودیوو کڕنوشبردن و ڕێزەوە. ئەوەی پێی باشە ڕێز لە یاسا بگرێت ناچارئەبێت یاسا و نەریتەکان بشکێنێ.

ئەم پیاوە لە ساڵی 1880 لە شاری ئەسکەندەریە لە وڵاتی میسر هاتوەتە دونیاوە. باوانی بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری قوستەنتینەن (ئەستەنبوڵ). ناوی ئەم دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی خێزانەکەی لە ئەستانە. کافافی لە ووشەی تورکی پێڵاوچیەوە وەرگیراوە. ئەم پیشەیە لە باوکیەوەیەتی. دایکی کە ناوی هاریکلییە، سۆزی شاعیرانەی هەبووە و کچی بازرگانێکی ئەڵماس بووە.

پاش مردنی باوکی بۆ چەند ساڵێ لە شاری لیفەرپولی ئینگلتەرا ئەژێت، پاشان سێ ساڵێک لە ئەستەنبوول و ئەوەی تری ژیانی لە ئەسکەندەریە بەسەرئەبات. هەرچەندە ئەو شارە هەموو ڕوخسارێکی یونانی لە دەستدا جگە لە ناوەکەی، بەڵام ئەو هێشتا وەک جێگایەکی دڵگیر تەماشای ئەکرد. لە دەقێکا ئەڵێت؛ هەرچەندە هەتا بێت بچوک ئەبێتەوە بەڵام هێشتا هەر دڵگیرە. بەڵام لەلایەکی ترەوە هەست بەو خەمباریە ئەکات کە ئەو شارە چۆن وێران بوو. لە شیعری لە چاوەڕوانی بەربەریەکانا ئەو هەستە بەڕوونی بە زەقی زاڵە. ناونیشانی ئەم شیعرە پاشان لەلای ڕۆماننوسی بەناوبانگی باشوری ئەفریقایی جی ئێم کویتزی دەبێتە ناونیشانی

نۆڤلێتێک. کافافی ئەڵێت؛ چی بکەین بەبێ بەربەریەکان، ئەوان بوون بە جۆرێک لە چارەسەر.

یەکێک لە هەرە ناسکترین کۆپلە شیعرەکانی ئەم شاعیرە، شیعری شارە. کافافی ئەم شیعرەی سیانزساڵ پێش مەرگی نووسیوە. ئەو لەکۆتایی نیسانی ساڵی 1923 لە ئەسکەندەریە مرد. لە ژیانیدا گەلێک جێگای دیوە و پەیوەندی تۆکمەی بە چەند جێگا و شارێکی جیا جیاوە هەبووە؛ بەتایبەت ئەستەنبول و ئەسکەندەریە و ئەسینا. ئەستەنبول و ئەسکەندەریە رۆژێک لە رۆژان شارێکی گریکی بوون، بەڵام بەربەریەکان هاتن و لە یونانیان دابری.

شیعرەکە لە دووبەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا شاعیر کەسێک دەئاخڤێنێ کەسێک کە لە زێدی خۆی بێزارەو دەیەوێ بروات. ئەو دەیەوێ بروات بۆ سەر زەمینێ تر. زۆرن ئەوانەی رۆشتن و بروایان وەهابوو سەرزەمینێکی تر ئەدۆزنەوە، شارێکی تر ئەبیننەوە. زۆرترن ئەوانەی کە ئارەزووی ئەوە ئەکەن برۆن بۆ دەریایەکی تر. وا هەست ئەکەن لە زێدی خۆیان ژیانیان بە فیرۆ ئەچێ. کافافی کە ئەم شیعرەی نووسیوە پیاوێکی دونیادیدە و هێندێک بە تەمەن بووە.

لەم شیعرەدا کافافی لاوێتی خۆی لە گەڵ پیرێتی خۆیا ئەخاتە دایەلۆگەوە. ئەو لە گەنجێتیا بروای وەهابووە جێگایەکی تر هەیە. بەڵام لە گەورەیدا دەگاتە ئەو بروایەی ئێمە تەنها یەک شارمان هەیە و بۆ هەرکوێ برۆین لە گەڵمانایە. لە سەرزەمینە نوێکان، ئێمە نابینە خەڵکی ئەوێ. کاتێک برێخت لە سەردەمی هیتلەردا ناچاربوو ئەڵمانیا بەجێبهێڵێ بۆ ئەمریکا، لە ئەمریکا بە هەرکەسێ خۆی ئەناسان هەرخێرا لێیان ئەپرسی خەڵکی کوێی.

بەڵام راستیەکی تاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە کاتێ ئێمە زێدی خۆمان بەجێئەهێڵین ئیتر ناتوانین جارێکی تر بۆی بگەرێیینەوە. سەفەر ترازانی پەیوەندیە لەگەڵ شوێندا بۆ هەتاهەتایە. کە یەکەم جار ئەم کۆپلە شیعرەم بۆ کچە ئیتالیەکەی هاورێم نارد، هەر خێرا لە ئیمێڵێکا بۆی نووسیم، واهەست ئەکەم ئەم دەقە بۆمن نوسراوە. بۆیە ئێستا بە ئیتالی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و پاش ئەم وەرگێرانە بە کوردی هەردەم بە گۆرانی بۆم ئەڵێت.

لە لایەکی ترەوە ئەم دەقە جارنامەی بێهیوابوونە یەکەم بە هەبوونی ژیانێکی تر، دووەم بەبوونی توانا بۆ دەست پێکردنێکی نوێ. ئەگەر ژیان جارێک لە گوشەیەکی بچکۆلەدا بەفیرۆچوو ئیتر هەر ئەوەیە و بۆ هەتاهەتایە بەفیرۆچووە.

# شار

تۆ ئەڵێی،
"ئەڕۆم بۆ سەر زەمینێ تر،
ئەڕۆم بۆ دەریایەکی تر.
ئەتوانرێ شارێکی تر ببینێرێتەوە،
باشتر لەمە.
لێرە هەموو هەوڵەکانم قەدەریان بەهەدەرچوونە؛
دڵیشم وەک جەستەیەکی مردوو نێژراوە.
هەتاکەی مێشکم بەرگەی ئەم وێرانەخاکە ئەگرێ.
لێرە بۆ هەرکوێ بنوارم، ئاوڕ لەهەرلایەک بدەمەوە،
ژیانم ئەبینم بەبەرچاومەوە بەفیرۆئەچێ.
لێرە ساڵانێکی زۆرم بەسەربرد، بەفیرۆدا، وێرانکرد".
سەرزەمینێکی نوێ نابینیتەوە، دەریایە تر نابینیتەوە.
ئەم شارە لێت نابێتەوە.
بە هەمان شەقامدا گوزەرئەکەی،
لە هەمان گەڕەکەدا پیرئەبێت.
لە هەمان ماڵدا ریشت دەبێ بە خۆڵەمێش.
هەردەم تۆ هەر ئەگەیتە هەمان شار.
هیچ هیوایەک نیە بۆ سەر زەمینێکی تر.
هیچ کەشتیە بۆ تۆ نیە،
هیچ رێگایە بۆ تۆ نیە. تۆ کە ژیانت لێرە، لەم گۆشە بچکۆلەیەدا، بە فیرۆدا،
لە هەموو دونیادا بە فیرۆتدا.

1910

شیعرەکە لە ئینگلیزیەوە وەرگێراوە